
مەسعود بارزانی بۆ مەزڵوم عەبدی: نابێت مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکرێن



مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیانەی پێشوازیکردنی لەمەزڵوم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات رایگەیاند، پێویستە پرسی کورد بە شێوازێکی دیموکراسیانە و ئاشتیانە لەچوارچێوەی سوریای تازەدا چارەسەر ببێت و هەڵەکانی رابردو چارەسەر ببن و دوبارە نەبنەوە و ناشبێت مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکرێن".

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی بارەگای بارزانی، ئەمڕۆ چوارشەممە شاری دهۆك مەسعود بارزانی پێشوازی لەمەزڵوم عەبدی فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات کرد، لەکۆبونەوەکەدا کەمحەمەد ئیسماعیل سەرۆکی ئەنەکەسە و عوسمان بایدەمیر سیاسەتمەداری کوردی باکور و چەند کەسایەتی و بەرپرسی تری ڕۆژئاوا بەشداربون، مەسعود بارزانی خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی کەهەردولایەن بەیەکەوە بەشدارن لەکۆبەندی مێپس 2025 لەدهۆك و پاشان بیروڕا ئاوگۆڕ کرا لەسەر بارودۆخی سوریا و ناوچەکە.

مەسعود بارزانی ئاماژەی بەوەکردوە، پێویستە پرسی کورد بە شێوازێکی دیموکراسیانە و ئاشتیانە لەچوارچێوەی سوریای تازەدا چارەسەر ببێت و هەڵەکانی رابردو چارەسەر ببن و

دوبارەی نەبنەوە،سەرکۆماری بارزانی جەختی لە پشودرێژی و تەبایی و یەکریزی هێز و لایەنە سیاسیەکانی کورد کردەوە و وتی، "نابێت مافەکانی گەلی کورد پێشێل بکرێن".

لەو ناگەیەندراوەکەی بارەگای بارزانیدا هاتوە، لە بەشکی دیکەی دیدارەکەدا، فەرماندەی هێزەکانی سوریای دیموکرات سوپاسی مەسرور بارزانی سەرکی حکومەتی هەرێمی کرد بۆ بانگهێشتنامەکەی بۆ کۆبەندی مێپس 2025، باسی لەو ئاستی مەسعود بارزانی کرد لە بەرامبەر هەوڵەکانی لەپێناو نزیکبونەوە و بەدیهێنانی یەکێیزی لەنێوان لایەنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و هەروەها پاپشتیەکانی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا دەرگایان کراوەبو بۆ حەواندنەوەی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان، هەروەها پاپشتیەکانی هەرێمی کوردستانی لە تێکشکاندنی تیرۆر بەرز نرخاند، مەترسیەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و پشتیوانی پێسەی چارەسەری ئاشتی لە تورکیا تەوەرکی دیکەی کۆبونەوەکە بون.